هەرکەسێک لە نەفسیدا خۆی بە مەزن دابنێت، وشانازی بکات لە کاتی ڕێکردنیدا، دەگاتە لای خوای گەورە ولێی تووڕەیە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک لە نەفسیدا خۆی بە مەزن دابنێت، وشانازی بکات لە کاتی ڕێکردنیدا، دەگاتە لای خوای گەورە ولێی تووڕەیە».

[صەحیحە] [حاکم گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر سەرزەنشتکردنی خۆبەگەورەزانین، وئەم خۆبەگەورەزانینە هەندێک جار لە شێوازی ڕێکردن یان جلوبەرگ یان قسەکردن دەردەکەوێت، ولە هەموو شتێکدا، وئەگەر کەسێک حاڵی بەم شێوەیە بوو وپێی وابێت لە نەفسی خۆیدا مەزنە وشایستەی بە گەورەدانانە زیاتر لە شایستە بوونی کەسانی تر؛ ئەگەر کەسێک بەم شێوەیە بێت ئەوا ڕۆژی قیامەت دەکاتە لای خوای گەورە ولێی تووڕەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5513